www.kurdistannet.org
9-4-2006 21:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەرکاتێک جەماوەر لەپشتی دەستەڵاتێک دوورکەوتەوە ئەوا سەرەتای بەدیکتاتۆربوونی ئەودەستەڵاتەیە، ئەوکاتە ئەو دەستەڵاتە پەنا ئەباتە بەر فیشەک و تۆقاندن ... ئامادەکردنی:ڕێژین ابراهیم

Rezhen_4ever@yahoo. Com

شێرزاد حسن: سیاسەت بوو بە بازارو بازرگانی و کەڵەکە کردنی سەرمایە
ڤینۆس فایەق: ئیستا کۆمەڵگای کوردەواری پێویستی بە دوو جۆر شۆڕش هەیە، شۆڕشێك ژن هەڵیگیرسێنێت و شۆڕشێك گەنج، ئیدی ئینجا دێنەوە مایە..

دیارەلە کۆمەڵگایەکی ئاوادا دایم گەنجەکانمان بوونەتە قوربانی دەستی حکومەت بونەتە قوربانی دەستی بەڵێنە فاشیلەکانی بەرپرسان و دەستەڵاتداران، دەکرێت بڵێین لێرەدا قسەکردن لەسەر گەنج، گەنج توێژێکی زیندووە لەگۆمەڵگادا بێگومان هەر گەنجە دەیەوێت ریفۆرم دروست بکات هەرگەنجە دەچێتە سەر جادەو هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات، کەواتە ئەو عەقلە پیرە ئەو عەقڵەی کە چەند ساڵە بەرپرسانمان ئیشی پێدەکەن هەر تیرۆر کردنی عەقڵی گەنجە، ئێستاش جکومەت و بەرپرسان و دەسەڵاتداران شەری شاخمان پێدەفرۆشنەوە حیکایەتە کانی شاخمان بۆ دەگێرنەوە ئەو حیکایەتو قسە زلانەی کە هەردەم کردوویانە بەووتەی سەرزاریان کاکە ئەو قسەو ووتارانەی کە لەسەر شاشەی تەلەفیزۆنەکان دەیگێرنەوە ئەو قسانەی کە هەردەم لەبەرژەوەندی تێرکردنی هەموو غەریزەکانی بەرپرسانە هەمووی لەپەرژەوەندی چاوی کاڵی کورو کچەکانیان تێدەکۆشن لەپێناوی ئەو کۆشکو فێلایانەی کە دروستیان کردووە، ئەو قسانە ماڵمان هیچ رۆشن ناکاتەوە ئەوە کارەبایە ماڵمان رۆشن دەکاتەوە ئەو قسانە سوتەوەنی و ئەزمەی بانزینو نەوت چارەسەر ناکات ئەو قسانە گەرەکەکەمان قیرتاو ناکات ئەوقسانە گەنجی پی دڵخۆش نابێت بەڵکو ئەوەندەی تر ماڵ وێرانی دەکات، ئەوەندەی تر حەزو خولیاکانی لەناو دەبات، ئەمانەش هەمووی فاکتەرێکی گرنگ بۆ تیرۆرکردن دووبارە گەنجان بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە کورسی دەستەڵات بەرنەدەن، سەقەتی ووڵاتمان دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە تائێستا نازانرێت کە حکومەت لە حیزب جیادەبێتەوە ئەگەر بە ووتەی بەرپرسان بێت حکومەت بەشێکە لەحیزب، وەك ئاشکرایە کە لەێستادا ئاستی ووشیاری گەنجان تا رادەیەك ئاستێکی باشی هەیە بەڵام ئەم ئاستە لەلای دەستەڵات بە جۆرێکی تر تەماشای ئەو جۆرە ئەحساسیەتە دەبێت، چونکە ئاشکرایە تائێستا چی رێپێوانێکی گەنجانە کراوە کە حکومەت نەڵێت ئەم رێپێوانە دەستی تیایە یان دەستێکە سیخوری لەپشتی ئەم رێپێوانەوە هەیە، هەروەها ناشرینترین ئەخلاق یاخود خراپترین ئەخلاق ئەو ئەخلاقەیە کە خۆت بەبەرپرسیار بزانی و هیچێشت پێنەکرێت لەکاتێکدا لەم ووڵاتەی ئێمەدا گەنجان هەووڵی ریفۆرمدادەن لەناو ئاپۆرای رێپێوانەکەدا بە فیشەك جوابی گەنجان دەدەنەوە کەئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەدرکێنی نەبوونی ئاسایش یاخود بەرگری کردن لە کاتێکە واناسکدا بەڵام بەداخەوە وەك لەم ماوەیەدا لە شارۆچکەی هەڵبجەی شەهید لەرۆژی3/16 دا کە وەڵام دانەوەی گەنجان بەفیشەك بوو ئەویش شەهید بوونی گەنجێکی لێکەوتەوە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەسەلمێنی کە مردنی مرۆڤێك لەلایان باشتربێت لە سزتانی رەمزێکی نەتەوەی دواتر گرتنو تۆقاندن لەو شارۆچکەیەدا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش

تەوەرەیەکمان ئامادەکردوەبۆ قسەکردن لەسەر ئاکتیڤ بوونی گەنج لەکۆمەڵگادا هەروەها بۆ چوونی ئەو نوسەرو روناکبیرانەمان وەرگرت سەبارەت بە دوو پرسیارئەویش

پ/ ئاستی ووشیارگەنجانی ئێمە چۆن دەبێنی! تۆ چی دەڵێت لەسەر ئەوەدەنگانەی دەستەڵات کە دەلێن گەنج هەڵیشەیەو رۆشنبیر نیە و هەست بەبەر پرسیاریەت ناکات؟؟

پ/وەك دەزانین خۆ پیشاندانەکەی ئەم ماوەیەی لاوانی شارۆچکەی هەڵبجە رێژەیەکی زۆر لە گەندان بەشداریان تیاکرد دیدو بۆچوونی تۆ لەسەر شێوازی بەرێوەچوونی خۆپیاندانەکەو بەرچەر دانەوەی فیسەك لەلایەن دەستەڵاتەوە دواتریش شالاوی دەزگیرکرنی لاوان و بەشێکی تاوان کردنیان بە دەستێکە سیخور لەونیچوەندادا

شێرزاد حسن /نوسەرو روناکبیر

وەلامی پرسیاری یەکەم/

وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەدەیەها لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیە، چونکە پرسیارەکە زۆر فش و فۆڵە، وەها ئاسان و بەرەهایی باس لە هوشیاری گەنج ناکرێت، چونکە مەرجی یەکەم ئەوەیە بزانین سەبارەت بەکام هووشیاری قسە دەکەیت، هووشیاری گەنج لەچ بوارێکدا مەبەستی سەرەکی ئێوەیە، بۆ ئەوەش ئێمە پێویستمان بە ئامارو ژمارەو کێومالْ کردن و داتای زۆر هەیە، چونکە خودی گەنجان سەربەتوێژو چینیجیاوازن، خاوەنی باکگراوندی فەرهەنگی جیاوازن. بی ئامار و ژمارەو راپرسی وەلامدانەوەی پرسیارێکی وا رەوا نییە. بەلام تاکە وەلامێکی راست لای من ئەوەیە کە گەنجا، بەێرومی یانەوە، هوواری ئەوەیا هەیە کە وەلام بەخەون و داواو داخوازەکانیان نەدراوەتەوە، واتا ئەوان ئێستا هەست دەکەن کە توێژێکی فەرامۆشکراون زۆر بەکەم پێویستە مادی ورۆحیەکانیان بۆ فەراهەم کراون، بی ئەوەی کتێبان بخوێننەوە، چونکە هەستەوەرەکانیان بەسە بۆ ئەوەی بگەن بەو قەناعەتەی کە ئەوان بەبەراورد لەگەڵ دونیای دە رەوە زۆر خۆیان بە بێبەش دەبینن، بیرمان نەچێت کە کەمو زۆری هۆشیاری گەر مە بە ستیتان وەدەستیهێنانی مەعریفەو زانست و زانیاریە لەمەڕ هونەرو ئەدەب ولقە جیاوازەکانی زانستە سروشتیەکان، کەم و زۆر ئەو هۆشیاری یە پەیوەستە بەکۆی دەزگا کۆ مەلایەتییەکان، هەر لە خێزانەوە بیگرە تا قۆناغە جیاوا زەکانی خوێندن، لە سەرەتاییەوە تا دەگات بە زانکۆ و کۆی سیستەمی فیکری لە سەدەم و ولاتە دا کە گەنجە کە لەسەر پەروەردەو هۆشیارییەکی هاوچەرخاتە سازو ئامادە دەکات، لێرە و هەنووکە کۆی خانەو جومگەکانی ئەو سیستەمە مەعریفییە لەبەر یەك هەڵوەشاوەو بناغەیەکی ئەوتۆی بنیە، بۆیە بۆ وەلامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە گوایە کەنجان هەڵەشەن و رۆشتبیر نین و هەست ناکەن کە لەبەرامبەر کۆی جوولەی مێژوو یەك بەرپرس نییە، ئەوەشەیان پەیوەستە بوەی کە ئاخۆ دەزگا کۆ مەلایەتییەکان، هەر بۆ نمونە:مەکتەب ومالْ بایی چەند توانیویانە گەنج چەکدار بکەن بە فیکرو مەعریفتێکی ئەوتۆ کە بتوانن لە ناو ئەو مێژووەدا کارکردەبن، دیارە بۆ ئەوەیان تەنها قۆناغی گەنجییەتی بەس بنیە تا بتوانین بوونەوەرێکی ئازاو ئازادو سەر بەخۆ دروست بکەین، بەنێرو می-ەوە، بەڵکو هەر لەمنداڵییەوە سازو ئامادە دەکرێت، بەو مەعریفەتە گۆش دەکرێت کە وای لێبکات بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی لی بخوڵقێت کە بتوانێت کارامەو لێهاتوو بێت و لە ناو مێژوویەکدا بجوولێت وهەست بە دەر ئەنجامی کارەکانی خۆی بکات، دەستەلات وەك سیستەمێکی سیاسی و کۆمەلایەتی ئابوری و فەرهەنگی کە کە بەر پرسە لە کۆی جوولەی ئەو مێژووە، هەموو سەرچاوەکانی مادی و مەعنەوی لای خۆیەتی بەرپرسە لەوەی

كەگەنجان بەئاراستەیەك بباتكەلەم ڕۆژگارەدا توانیان لەسەر پی وەستانیان هەبێت، خودی دەستەڵاتەكە نەیتوانیوە ئەو سوپایە لەگەنجان لەخۆی كۆبكاتەوە كە بەئەركە نەتەوایەتی و ئینسانییەكانی خۆیان هەڵبستن، دەستەڵات بەئەركی ڕاستەقینەی خۆی هەڵنەستاوەلەمەڕ وەڵامدانەوە بەداواو داخوازی گەنجان، خودی دەستەڵات خۆی هەست بەبەر پرسیاریەتی ناكاو توێژی گەنجانی فرێداوەتە ناو قەدەرێكی ستەمكارانە، ئەو گوناهی دەستەڵاتو هێزە كوردییەكانە كە دەیتوانی لە ڕێی دروست كردنی دەیەها سەنتەرو یانەی فیكری و هونەری و ئەدەبی گەنجان لەخۆی كۆ بكاتەوە، دەستەڵاتی كوردی كە خاوەنی دەیەها كەناڵی ڕاگەیاندنە بەكام لەئەركەكانی خۆی هەستاوە لە ڕووی ڕۆشنبیركردنیلەژێر سایەی سیستەمێكی پەروەردەی زۆر سەقەت و مردەودا كە لەگەڵ كەمترین خەونەكانی ئەم سەردەمە نایەتەوە، گەنج بەچی بێتو بەكوی بگات، خودی گەنج بكات، گوناهی یەكەمی كەمتەرخەمیو بێباكی و بی بەرنامەیی گەنجان دەكەوتێتە ئەستۆی هەموو دەزگا كۆمەڵایەتییەكان كە بەداخەوە لێرە حیزبی كوردی كۆنترۆڵی كردووە بێئەوەی بتوانێت بیانكات بەقوتابخانەیەكی مۆدێرن بۆ سازدانی گەنجان لەوەی بەئەركی ڕاستیقینەی خۆیان هەڵبستن، گوایە دەیەها ڕێكخراویان بۆ لاوان و گەنجان و خوێندكاران هەیە، پرسیار ئەوەیە كە ئەو ڕێكخراوانە بوو بەمایەی لەتو پەتكردنی لاوان و قوتابیان چونكە ئەوەندە مەرامیانە ئەو كوڕو كچانە بكەنە بە دەروێشی حیزبەكانیان، ئەوەندە لەخەمی ئەوەدا نین بەرۆحێكی جوانی جەنگاوەرانەو ڕەخنەگرانە پەروەردەیان بكەن، ئەو خودی دەستەڵاتە كە بەرۆحی خێڵ و تایەفە ئەم نەوەیە پەروەردەدەكات، من هەست دەكەم كە حیزبەكان مەرجی یەكەمیان بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ گەنجان ئەوەیە كە بە (پرۆسەی خەساندن) دا تێبپەڕێت، دەزگا كۆمەڵایەتییەكان، لیچرەداو هەنووكە، بوونەتە كارگەی خەساندن و گوی و دەم و چاو لەلاوەكان دەسەنێت و پاشان تاوانباریان دەكات بە بیباكیو گێلی، لەم سەردەمەدا نەوەیەكی نوی و توورە پەیدا بووە كە ئەگەر كتێب خوێن و پرمەعریفەتیش نەبێت، لەڕێی (وێنە) وەوە ئاگاداری دونیای دەوروبوری خۆیەتی، دەكرێت ئەم سەردەمە سەردەمی زاڵبوونی (وێنە) بێت كە ئەویش دەیەها سەرچاوەی بۆ پەیدا بووە، هەرلەو سەرچاوانەوە گەنج لەجاران چاوی كراوەترەو (وێنەكان) بەسن بۆئەوەی هووشیاری ئەوەی هەبێت كە خۆی بەگەنجانی دوونیا ودەرەوەی خۆی بەراورد بكات و تەواو لەودۆزەخە مردووەی خۆی ڕازی نەبێت، دەستەڵات بەحكومی ئەو هێزە زاڵەی خۆی، كوێربوونی لەئاست هەموو دیاردەو ڕووداوەكان وای لێكردووە، كە بەهەوەس و هەوەنتە تۆمەت و گوناه بەسەر چینو توێژەكاندا دابەش بكات.

وەڵامی پرسیاری دووەم:

هەڵبەتە من بەدووورو درێژی لەسەر ئەم پرسیارەی دووەمت، لەسەر لاپەرەی هەفتانامەكان وەڵامی خۆم هەبووە، ئەوەی كەلێرە پێویست بێت بۆ قسە كردن ئەوەیە كە دەستەڵاتداری كوردی هەركیز ئامادە نییە وەكو خۆی ڕووداوو دیاردەكان بخویچنێتەوە، ئاشكرایە كە ئەوەی لەهەڵبجە ڕوویدا بەرادەی یەكەم بریاری كۆمەڵێك گەنجی هەڵبجە بوو كە قوتابی قۆناغە جیاوازەكانی خوێندن بوون، (كوردە) كە بەدەستی پۆلیسی ئاسایشی سلێمانی كوژراوە خوێندكار بووە و سەر بە یەكێتی خوێندكاران بووە، جگەلەوەی كو لە ڕاپرسییەكان دەركەوتووە كە ژمارە هەرە زۆرەكەی سەر بە یەكێتی نیشتمانی بووە، هەڵبەتە زۆر بەی قوتابیانو خوێندكاران (ئەم دوو ناوە پارتی و یەكێتی جیایان كردۆتەوە) ، وەك هەردوو ووشەی (ژن و ئافرەت) كەسێكی بێلایەن چاك دەزانێت كە ئەوەگەنجانی خوێندەواری

هەڵبجە بوون، ئەوان دژی هاوبەشی لەگەڵ چین و توێژەکانی دیکە تووڕەو داخدار بوون، ئەوان دژی ئەو هەموو ستەم و بێدادییە خۆپیشاندانیان کرد، دروشمی ئەوەی کە ئەوان دژبەوەبوون مەسئوول و بەرپرسی حیزبی بچنە ناو هەڵبجە مانایەکی سیاسی ئاشکرا هەیە کە دەستەڵاتداری کوردی خۆی لی دەدزێتەوە، راگەیاندنی حیزب نەیویستواقیعیانە و بەرۆحێکی شۆرشگێرانە لەم رووداوە بروانێت و شی بکاتەوە، لەم دۆزەخەدا هەژار ترین شت کە سەرنجی منی راکێشا ئەوەبوو کە کەناڵەکانی راگەیاندنی یەکێتیو پاشان حیزبەکانی دیکە زۆر شەرمنانە لەو وردەکاری ئەم کارەساتەیان ڕوانی، گەمەی پەردە پۆشکردنی حەقیقەتێك بوو کە دەستەڵاتداری کوردی تاهەنووکە مەبەستی نەبوو ڕوبەڕوی ببێتەوە، دیارە خودی کارەساتی هەڵبجە و گوناهی گەورەی تاوانبارکردنی ئەو خەڵکە و گرتن و بردنی گەنجە کان، بەوانەشی کە مەیلی کوشتن و برین و سوتاندنی مۆنیومینتەکەیان هەبوو، هەرهەمووی قوربانی دەستی دەستەڵاتێکە کە لەو پازدە ساڵەی رابردوو، ئەو کورو کچانەی، فەرامۆش کرد و بەرۆحێکی جوان و خەڵك و خاك پەرست پەروەردەیانی نەکرد، سیاسەت بوو بە بازارو بازرگانی و کەڵەکە کردنی سەرمایە، فەرامۆشکردنی ملیۆنەها نەتەوە، من نایشارمەوە کە دەبوو گەنجەکان بەرنامەیەکی چاکترو توندو تۆڵتریان هەبووایە بۆ هەموو شێوەکانی خۆسازدان لەمەڕ مەسەلەی خۆپیشاندان و ڕێپێوان، دەکرا بی خوێن رشتن تێبپەرێت، بەڵام لەرووی سایکۆلۆژییەوە ئاسان نیە ئەو هەموو خەڵکە بەشێوەیەکی عەقلانی کۆنترۆڵ بکەیت، بەتایبەتی کە پازدە ساڵە چاوەروانیمژدەو بەلێنەکانی حیزبەکان بوون، نەك هەرئەوەو بەس، بەڵکو لەبەرامبەر ئەو هەموو بێباکی و فەرامۆشکردنە زۆرەی دەستەڵاتی کورد لەبەرامبەر خەون و داواکانی خەڵك، تا ئەوپەری مشە خۆری سیاسەتبازانی کورد ئەم واقیعە ناشرینە مەرجی یەکەمی تب\ێپەراندنی ئەم کارەساتەیە، نەك سەرزەنشتکردن و دادگایی کردنی ئەو خەڵکەی کە هاوار دەکەن لەدەست بێدادی و بی مافی، خۆدەکرێت هەندێك کەس هەبن کەڵکیان لەم هەراو پشێوییە بینیبێت و حەزیان بە ئاژاوە هەبێت، بەڵام خودی کارەساتەکەی هەڵبجە دەستکردی ناحەزان نییە و بەڵکو هەڵوێستێکی سیاسی یەو دژ بە بارودۆخێکە کە چەندەها ساڵە هەڵبجە ی کردووە بەرەمزێك، پتر لەوەی کەشارێك بێت مرۆڤەکانی ناوی پێویستیان بەزیندەگی و ژیانێکی وەها هەیەکە مەرجەکانی ئینسانبوونی تێدا بێت، ئەوەی کە لەهەمووی ناخۆشترە دەستەلات لەبری ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خودی خۆی سەرگەرمی پنەو پەرۆکردن و هەرەشەو تۆقاندن بێت، هەڵبجە و هەڵگەرانەوەکەی نمونەی دەیەها شارو شارۆچکەی دیکەیە کە دەستەڵانی کوردی، هەتا زووە، پێویستی بەوەهەیە کە ژیرانەو واقیع بینانە لەبارودۆخی ناهەمواریان ورد بێتەوە، ئەگینا نەك هەر گەنجەکانی کورد بەتەنها، بەڵکو منداڵان وپیرەکانیش دەدۆرێنێت، بەم ڕێ و رەسمە بروات دەستەڵاتداری کوردی ڕووەو جۆرێك لەپەروەردەکردنی رۆحی دکتاتۆرانە لەخۆیدا زاڵ دەکات.... کە دواجار دەرئەنجامەکەی بە خۆکوژی و کۆ کوژی کۆتای دێت

ڤینۆس فایەق/ نوسەرو شاعیر

وەڵامی پرسیاری یەکەم:

ئاستی ووشیاری گەنجانی ئێمە چۆن دەبینی!! تۆ چی دەڵێت لەسەر ئەو دەنگانەی کە دەستەلات دەڵێت گەنج هەڵەشەیەو رۆشنبیر نیەو هەست بە بەرپرسیاریەت ناکات؟

ئیستا باوی راو بۆچوونە بەردینە نەگۆڕەکان نەماوە، دونیا بەرەو کرانەوە و والابوون ئەچێت، بەتایبەت لەسەر دەستی لاوان و گەنجان، لە ولاتە پێشکەوتووەکانی دونیا بی

حەد گوێ ئەدری بە داواکاری و پێداویستیەکانی لاوان و گەنجان، لەباوەڕی تەواویانەوە کۆمەڵگایەکی تەندروست و بە هێز لەسەر دەستی گەنجان دروست ئەبێت..
باوەڕم وایە ئەگەر دەسەڵاتێك لە گۆشەنیگایەکی دیموکراتیانەوە بڕوانێتە دروستبوونی کۆمەڵگا بە هیچ جۆرێك گەنج لە هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان دەرناکات، ئەگەر باس لە لێپرسراویش بکەین بێ گومانم لەوەی گەنجی ئێستا هەستێکی بەرزیان بە لێپرسراوی هەیە بەتایبەت گەنجی کورد، بەتایبەتیش چونکە لەو ناوەندە دژوارەدا دروستبوون و چالاکن، هەر بڕوانە بواری میدیا، ئەو بەرهەمانەی گەنج پێشکەشی ئەکات و هەڵی سەنگێنە، من بۆخۆم زۆر بە گەشبینیەوە ئەڕوانمە توانا و بەهرەکانی گەنجی کورد و ئومێدەوارم سیاسیەکانمان و دەسەڵاتدارەکانمان بە رۆحی لێپرسراوێتیەوە سەیری تواناکانی گەنجەکانمان بکەن و بواری تەواو بێ سنووریان پێببەخشن تا خزمەتی کۆمەڵگا بکەن..
وەڵامی پرسیاری دووەم:
وەك ئاشکرایە خۆپیشاندانەکەی 3/16 کە ماوەیەکی کەم پێش ئێستا لەشارۆچکەی هەڵبجە رێژەیەکی زۆر زۆر لە گەنجان بەشداریان تێداکرد تۆ رات چیە لەسەر شێوازی بەرێوەچونی خۆپیشاندانەکە وە بەرپەرچدانەوەی فیشەك لەلایەن دەستەڵاتەوە دواتریش شاڵاوی دەزگیر کردنی لاوان بەتاوان بارکردنیان بەبوونی دەستێکی سیخوڕی لەپشتی ڕووداوەکەوە هەیە؟
بە راستی نایشارمەوە باس کردن لەو رووداوە باسکردنێکی پڕ لە ئەشك و خەمە، من بۆخۆم زۆر پێی دڵتەنگ بووم.. هەڵبەتە رووداوەکە خۆی چەند رەهەندێکی جۆراوجۆر بەخۆیەوە ئەگرێ.. بەڵی گەنجم بینی بەشداری کرد لە خۆپیشاندانەکەدا، بەڵام چەندین ئادەمیزادیشم بینی بە دەمامکەوە بەشداری ئەکرد لە رووداوەکەدا، بە زۆر شێوە ئەو رووداوە هەڵسەنگێنرا، ئۆباڵەکەی خرایە ئەستۆی زۆر لایەن و دەسەڵات و گرووپ، بەڵام کێشەکە لەوەدا نیە گەنج بەشداری لە خۆپێشاندانێکدا کردووە و فیشەکی بەسەردا تەقێنراوە، کێشەکەدا لەوەیە هەر دەسەڵاتێك بگاتە لوتکەی لاوازی و هەست بە مەترسی بکات و بۆ دادکۆکی کردن لە کورسی و دەسەڵات پەنابەرێتە بەر فیشەك ئەوا بێشك ئەو دەسەڵاتە بەرەو لاوازی و بێهوودەیی هەنگا ئەنێت لەوەی قاعیدە جەماوەریەکە لە ریزی خۆی بهێڵێتەوە، هەر کاتێ جەماوەر لە پشتی دەسەڵاتێك دوور کەوتەوە بەهۆی مومارەسات و پێشێلکاری دەسەڵاتەکەوە، ئەوا سەرەتای بەدیکتاتۆریبوونی ئەو دەسەڵاتەیە، ئەو کاتە ئەو دەسەڵاتە پەنا ئەباتە بەر فیشەك و تۆقاندن.. بەباوەڕی من ئێستا زەمینە لەبارە گەنج شۆرشێکی سپی کۆمەڵایەتی هەڵگیرسێنێت، ئێستا کۆمەڵگای کوردەواری پێویستی بە دوو جۆر شۆڕش هەیە، شۆڕشێك ژن هەڵیگیرسێنێت و شۆڕشێك گەنج، ئیدی ئینجا دێنەوە مایە..

م. سەیران تەها ئەحمەد
کۆلیجی یاسا -زانکۆی سلێمانی
سەبارەت بەپرسیاری یەکەم:
رووداوەکانی 3/16 کۆمەڵێك لایەنی ترسناکی ووروژاند و زەنگێکی ترسناکە بۆ لێکدانەوەی چەند سەرنجێك، گرنگترینیان کە گەنجانی ئێمە رۆشنبیر نیە وئەمە نەك قسەی دەسەڵات، ئەمە ئە و کارەساتە بوو کە بە چاوی خۆمان بینیمان، کە گەنجی هەڵەبجە (ئەگەر هەمووشیان نەبن، گرنگ ئەوەیە نەوەیەکی ناووشیاری وات هەیە) بەچەشنی تیرۆرستە

دڵڕەشبووەکانی فەللوجە بە دەستی خۆیان ڕەمزی شارەکەیان وێران دەکەن، کە دیمەنێکی ترسناك بوو کە تامەزرۆی تێکدان بوون بە هەموو شێوازێك، ڕاستیەك هەیە پێویستە بووترێت کە هەر گەنج (ئەگەر نا ووشیار بێت) تەنها نەبوو، ڕاستە گەنج زۆرینە بوو بەڵام تەمەنی جیاوازی تێدابوو، چۆن دایکان وباوکان و کچانی هەڵەبجەش بەشدارییان کرد؟
قسەکردن لەسەر ناڕەزایی و کەمی خزمەتگەزاریی و داواکاریی زیاتر، ئەمە مافێکی ڕوایە و دەبێت بکرێت،
بە دەیان ڕێگا هەیە بەشێوازی مەدەنیانە پەنای بۆ ببرێت و دەسەڵات ناچار بکرێت، بەڵام بەهیچ جۆرێك بەو شێوازە ناشارستانی و ناعەقلانیە نابێت و بە هیچ جۆرێك ناگاتە ئەوەی کە مۆنۆمێنت بسووتێنرێت؟
ئەمە پاساوی نیە لە ژێر هیچ ناوێکدا؟ بەڵکو لێکدانەوەی تر هەڵدەگرێت
کە چۆن (خەڵکی هەڵەبجە (بە داوای لێبووردنەوە) (با چەند کەسانێکیان گرووپێکی کەمیش بن)) گە ڕێزی شەهیدەکانی خۆیان نەگرت، چ کارەساتێکی گەورە بوو کە بەدەستی وەچەی شەهیدەکان بەدەستی کوڕەزاو کچەزاکانیان ئاگریان لە ڕۆحی شەهیدەکانیان بەردا، ئاگریان لەوێنە و بەڵگەنامەو ناسنامەی کەسووکارەکانیان بەردا، مەگەر سەدام حسەین و عەلی کیمیاوی دەستخۆشیتان لیبکات،
مەترسی کارەساتەکە ڕاستیەکی خستەڕوو کە خودی دەسەڵات تاوانبارە، بەرامبەر بە ئاستی ووشیاری گەنج،
کە چۆن گەنج و نەوەی دوای ڕاپەڕینت ئاوا پەروەردە کردووە، کە هەستی نەتەوایەتی و (مقدسات) ی لەلا نەبێت،
گەنجەکان دوروشمی داگیرکەر و هێزە دڵ ڕەشبووەکانت بۆ بەیان بکات پراکتیزە بکات، ئەمە پرسیارەکەیە، ئەمە جەوهەری لێکدانەوەی سووتاندنی مۆنۆمێنتەکەیە، دەرکەوت کە خودی دەسەڵات لەسەر ئاستی ئەوەی پیی دەڵێن (امن قومی) ، بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە هیچی نەکردووە؟ بە بۆچوونی من کار کردن لەم ژێرخانی فیکریەدا لەپێش کارکردنە بۆ ژێرخانی ئابووری.
سەبارەت بە پرسیاری دووەم:
ئەوە ڕاستیەکە کورد ئەوەندەی دوژمن هەیە لە ناوەوە و دەرەوەدا، پێویست بە قسەکردنێکی زۆر ناکات لەسەری
بەڵام لەم کاتەدا ئەم ڕووداوە، حەقە بپرسین لە بەرژەوەندی کیدابوو؟گرووپەکانی (شیعە و سوننە) ، لە بەرژەوەندی دادگایی کردنی (سەدام حوسەین و عەلی کیمیاوی) بوو، لە بەرژەوەندی ئەوانەی دژی ناسنامەی کورد بوونی نەتەوەیەك بوون، کەکار بۆ بە عەرەبکردنی خاکی ئێمە دەکەن، بە سووتاندنی مۆنۆمێنت بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ خزمەتێکی گەورەی داگیرکەرانی کوردستانە، چونکە ناسنامەی هەڵەبجە ناسنامەی کورد بوونە.
لە گەڵ ئەمانەشدا بەهەموو جۆرێك دژی تەقەکردن و شێوازی ناعادیلانەی چارەسەرکردنی کێشەکانین،
ڕووداوەکە ئازارێکە و دوژمنکارییەکە بەرامبەر بە هەموو خەڵکی کورد نەك تەنها شەهیدانی هەڵەبجە و هەڵبجەییەکان، داوای لێکۆڵینەوە و بەداواداچوونی یاسایی دەکەین، بۆ خەڵك بە شەفافیەت ئەگەر دەستیش هەبێت ئاشکرا بکرێت؟

بەڵام گرنگ ئەوەیە، چۆن کار بۆ داهاتووی میللەتێك بکەیت بۆ ووشیاری نەوەیەك کەخۆی بتوانێت بەرگری لە داهاتووی خۆی بەرامبەر بە داگیرکەران بکات.

تێبینی: ئەم تەوەرەیە لە ژمارە (175) لەرۆژنامەی هەواڵ لە پاشکۆی گەنجان بڵاو بۆتەوە